# گوڵ و گوڵدان هاوئاهەنگی بە گەشانەوەی ماڵ





هەموو شـتێك لە ماڵەكەتدا جێگەی بایەخن، چونكە دیكۆری ماڵ لە چەندین پارچە و كەرەسـتە پێكدێ، هەر بۆیە خانمانی ماڵیش دەبێ بە وریایی چاودێری بكەن، هەندێ جار دەتوانین بە كەرەسـتەیەكی بچووك، گەورەترین جوانیمان دەست بكەوێ، وەك دانانی گوڵ و گوڵدان. كابانی ماڵ هەردەم حەز بە پاك ڕاگرتن و بۆن خۆشی ماڵەكەی دەكات، تەنانەت جوان كردنیش ئەركێكی دیكەی خانمی دەسـت ڕەنگینە، دانانی گوڵ و گوڵدان لە وەرزی هاوینەدا، جێگەی سـەرنجە، دیمەنێكی جوان بە دیكۆری ماڵەكەت دەبەخشێ، بۆ دانانی گوڵدانێك لە ماڵەكەتدا، چاكترە ئەو چەند خاڵە لەبەر چاو بگیرێن:

- شێوەی گوڵدان هێلكەیی بێ، یان بڵند بێت.
- گوڵدان ناسك و كێشی قورس بێ، تا نەكەوێت و نەشكێت.
- بزانە ئایا دەسـكە گوڵەكە لەناو گوڵدانەكە جێگەی شـیاوە، گرنگە گوڵ و گوڵدان لە گەڵ یەك هاوئاهەنگ بن.
- دەبـێ ڕەنگی گوڵەكە لە ڕەنگی گوڵدانەكە تۆختر بێ، هەندێك جاریش ئەگەر تەنیا گوڵدان هەبوو، ئەوە دەبێ ڕەنگی گوڵدانەكە تۆخ و ڕەونەقدار بێت.






# ڕەنگی سوور و سازدانی بە ستایلی پێڵاوی كچانەوە

هەمیشـە كچان و خانمان ڕێك پۆشـن، بەتایبـەت ئەگەر جل بە دڵی خۆیان هەڵبژێرن، هەندێ جاریش لەلایەن دەسـتە خوشـك و هاوڕێیانی خۆیانەوە بەشـێك لە جلەكەیان بۆ دەسـت نیشان دەكرێت، ئەگەرچی جل و بەرگ چەندی بۆ دەرخسـتنی خانمان گرنگ بێ، دەبێ ئەوەش بزانن كە جوانی پێڵاو بە هەمان ئەندازە گرنگە، كاتێك كچێكی شـۆخ دەستە جلێكی جوانـی لەبەر دەبێ، لە هەمان كاتیشـدا پێڵاوەكەی نەگونجاوە لە گەڵ جلەكەی، ئەمەش جۆرێك لە نا تەبایی لە ڕووی شۆخییەوە دروست دەكات، مەبەست لێرە ئەوەیە مۆد و ڕەنگی پێڵاو بەشێكی گرنگە لە ڕێك پۆشی خانمان، ئەگەر كچێكی شۆخ و شەنگ پێڵاوێكی جوان و گونجاو لە گەڵ ڕەنگ و ستایلی جلەكەی لە پێ نەكات، ئەوە ناتوانێ لەوە دڵنیا بێ كە شـیك و سەرنج ڕاكێش بێتە بەرچاو. هەڵبژاردنی پێڵاو بەتایبەتی پێڵاوی ڕەنگ سـوور زۆر گرنگە بۆ دەرخستنی جوانی و شۆخیەكەت، بۆ زەماوەند و ئاهەنگیش ڕەنگی سـوور شای ڕەنگەكانە لە هەڵبژاردنی ڕەنگی پێڵاودا.



# کڵاوی لاری بەر خۆرەتاو


گەرما و تیشکی خۆر، لە هاویندا بەهێزن. کچانیش پیست ناسکن، لەبەر بەهێزی تیشکی خۆر، لە ئاکامی گەرما و تیشکی بە تینی هەتاو ئەگەر هەیە پێستی کچان هەتاوبردە بێت، جگە لەوەی تیشکی بە تینی هەتاو دەبێتە مایەی هەڵوەرینی قژی کچان. ڕێگەی چارەسەری بۆ ئەو دوو گرفتە، خانمان دەتوانن کرێمی دژە تیشکی خۆر، لە پێستیان بدەن، رەنگە خانمان بڵێن ئەی بۆ چارەسەری پرچ چ بکەین؟. پسپۆرانی جوانی دەڵێن : چاکترین رێ بۆ پاراستنی قژ لە کاریگەری گەرما و تیشکی خۆر بۆ پرچ، لە سەر نانی کڵاوە. ئەگەر چی کڵاو ڕێگەیەکە بۆ پاراستنی پرچت لە تیشکی خۆر، هەروەها پۆشاکێکی ناسکە کاتێك خانمان لە سەریانە نازی پێوە دەکەن. کڵاو ئێکسسوارێکە قەشەنگە، هەندێکیان بە شێوەی لار دروست کراوە، هەر کە کچان کڵاو لەسەر دەنێن، ئیدی لەگەڵ جوانی قژ و رووخساریان، هەم قژیان دەپارێزێ و هەم جوانییەکی زیاتریان پێدەبەخشێت.





## باوکێک هەزاران وێنەی کچەکەی دەگرێت

دەڵێـــن کچ تاجی ســـەری باوکە، هەردەم کچ لەلای باوك خۆشەویستە، کچ هەردەم باوکی خۆشتر دەوێ لە دایکی، ئـــەوە جیاوازی نییە، بەڵام پتەوترین خۆشەویستی ناو ئەندامانی خێزانە. (بانســـێل مۆنیش ئەو پیاوە بەریتانییەیە کە لە ســـاڵی (١٩٩٦) کچێکی بە ناوی (سیومان) دەبێ، لە خۆشەویســـتی کچەکـــەی، لەو کاتەی لە ســـگی دایکیـــدا دەبێ، بیرۆکـــەی بـــۆ وێنەگرتنی هەموو ژیانـــی کچەکەی بـــۆ دێ، ئەوەتا بانســـێل بەر لـــەوەی کچەکەی لە دایك ببێت، بە نازوور لە نێو ســـکی دایکیدا وێنەی دەگرت، پاشـــان لە چرکە ســـاتی لە دایك بوونەوە ڕۆژ بـــە ڕۆژ تا تەمەنی (١٨) ســـاڵی بەردەوام وێنەی کچەکەی دەگرت. (ســـیومان)ی نازداری بابە، ئێستا قوتابی زانکۆیـــە، باوکی (٦٥٧٥) وێنـــەی ئـــەوی گرتـــووە، هـــەر هەمووشی وەك یادگاریەکی بە نرخ پێشکەشـــی کچەکەی کردووە. بەم دواییەش هەموو وێنەکانی پێشووی لەناو وێنەیەکی گەورەی کچەکەی دانـــاوە، باوکەکە لە نێـــو پۆرترێتە وێنەی کچەکەیدا سەرجەم وێنەکانی بە چـــاپ دووبارە کردۆتـــەوە، کە بەراســـتی دیارییەکـــی دەگمەن و دانسقەیە.






## باڵۆنی گـــەڕۆک لە سلێمانی

تا دێ کوردســـتان لە گشت بوارێکدا پێشـــکەوتنی زیاتر بە خۆیەوە دەبینێ، لەم دە ساڵەی دواییدا، گرنگی تەواو بە بواری گەشت و گوزار دراوە، کە ئەوەش هەموو پرۆژەیەکی گەورە و بچووك دەگرێتەوە، بگرە لە پرۆژەی گەشتیاری سرووشتی و یان دروست کردن و کردنەوەی شاری یاری، لە شاری سلێمانی بۆ یەکەمین جار باڵۆنی گەشتیاری بە ئاسمان کەوت، کە لەلایەن کۆمپانیای باڵۆنی کوردستان هاوردە کراوە، فڕاندنی باڵۆن پێویســـتی بە کەشێکی هێمن هەیە، کە بە گازی هیلیۆم کار دەکات و بەرەو ئاسمان بەرز دەبێتەوە، خەڵکیش دەتوانن بەو باڵۆنە بە ئاسماندا بســـووڕێنەوە و لە بەرزاییەوە سرووشتی ڕەنگینی کوردستان ببینن.

# یەکەمین قوتابخانەی هەولێر ئێستا مۆزەخانەیە





یەکەم قوتابخانە لە هەولێـــر، قوتابخانەی ئیبن خەلەکان بوو، کە ئێســـتا کراوەتە مۆزەخانەی پەروەردەی هەولێر، ئەو وێنەیەش لە ساڵی (١٩٣٦) گیراوە، واتە نزیکەی ٨٠ ساڵێك لەمەوبـــەر. هەمووومان ڕەنگە بۆ چەندین جار بە تەنیشـــت ئـــەو مۆزەخانەیەدا هاتوچۆمان کردبێـــت و دیقەتی ناوەوەو کەل و پەل و مۆزەخانەکەمان نەدابێت. مۆزەخانەکە پێشـــتر قوتابخانەی (اربیل الاولی ) بوو، لە ساڵی ١٩٣٠ دامەزراوە، شـــوێنی ئەو مۆزەخانەیە پێـــش ئەوەی نـــۆژەن بکرێتەوە بنکەیەکی پۆلیس بوو. ئـــەو قوتابخانە کۆنەی هەولێر کە شوێنی پێگەیاندی دەیان و بگرە سەدان کەڵە پیاوی شارەکە بـــووە کرا بە مۆزەخانە و ئەرشـــیفی وەزارەتی پەروەردە وەك بەشـــێك لە کلتوور و مێژووی شـــاری هەولێر کە دەکەوێتە ناوەندی شـــارەوە لە نزیك بازاڕی نیشتمان. ڕۆژانە سەدان گەشتیار و ئارەزوومەند سەردانی ئەو مۆزەخانەیە دەکەن کە لە دوو نهۆم پێك هاتووەو دابەش کراوەتە ســـەر چەند بەشێك وەك ئەرشـــیف و بڕوانامە و کەلوپەلی ئەو مامۆستایانەی لەوێ وانەیان گوتووەتەوە لەگـــەڵ ئەو قوتابیانەی کە لەم قوتابخانەیە خوێندوویانە و ئیمڕۆ بوونەتە کەســـی نیشتمان پەروەرو باڵادەست و بە ناوبانگی کوردستان لەگەڵ چەندین بەشـــی دی وەك تابلۆ و وێنەی یـــادگاری و کەل و پەلی ئەوکاتی ئەو قوتابخانەیە.

# زەنگی کڵـــێسا

کڵێسا پەرستگەی کریستیانەکانە، لەوەتی حەزرەتی مەسیح کە نزیکەی (٢٠٠٠) ســـاڵ پەیامێکی بۆ مرۆڤایەتی بڵاوکردەوە، پێڕەوکەرانی حەزرەتی عیسا پەرستگەی تایبەت بە خۆیان هەیە کە کڵێسەیە. لە کڵێسەدا بورجێك هەیە کە لە ســـەرەوەی دیوی ناوەوەی ئەو بورجەدا زەنگێکی گەورە هەیە کێشـــی دەگاتە (١٠٨٠) کیلۆگرام. زەنگی کڵێسا لە تێکەڵەیەکی مس و ئاسن و تەنانەت هەندێ جار زێڕیش دروســـت دەکرێ. ڕۆژانە (٣) جار زەنگی کڵێسا بەیانیان و نیوەڕۆیان و ئێواران، بۆ ڕاگەیاندنی کاتی نوێژ لێدەدرێ. زەنگی کڵێسا لە کاتی مردنی کەسێکدا و لە کاتی مارەبڕینی کچ و کوڕێکیشـــدا لێدەدرێ. ئاوازی دەنگی کڵێسا بۆ هەریەك لەوانە جیاوازە، کندڕێکی پێوەیە کە شـــۆڕ دەبێتـــەوە بۆ خوارێی بورجەکە، زەنگلێدەری کڵێســـا لە کاتی پێویســـتدا بۆ (٣) فەرزەی نوێژ هەر جارەی (٣) زەنگ لێدەدات، بەم جۆرە کریستانەکان دەزانن وادەی نوێژە، هەروەها زەنگی کڵێســـا بە سەندووقێکی دار دەورە دەدرێ، بۆ ئەوەی دەنگدانەوەی زیاتر بێت. هەڵبەت لە هەر وڵاتێکدا کڵێسا بە تەرزە تەلارسازییەکی تایبەت دروســـت دەکرێ، کە هەر بە گوێرەی هونەری تەلار ســـازییەکە شێوەی دروست کردنی بورجی زەنگەکەش جیاواز و تایبەتمەند دەبێت.







## کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

لەوانەیە ئەمڕۆ کارێکی چاك بکەیت و تێیدا سەرکەتوو بیت، یان گوێبیستی هەواڵێکی دڵخۆشکەر دەبیت و ڕەنگە دەستکەوتێکی ماددی باشیشت بەدەست بگات، خۆشترین ڕۆژی هەفتەت پێنج شەممەیە.

## گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

لە ئەمڕۆوە لەبواری کارەوە پێشبینی هەندێك گۆڕانکاری بکە، لەلایەنی سۆزداریشەوە پێشکەوتنی باش بەدی دەکرێت و تا رادەیەکی باش دڵخۆش دەبیت، خۆشترین ڕۆژی هەفتەت ڕۆژی چوارشەممەیە.

## دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠

بەهۆی کاریگەری ئەستێرەکانەوە کەمێك دوو دڵی و دڵەڕاوکێ باڵی بەسەرتدا دەکێشێ، بۆیە کەمێك ئارام بەو بەهیچ شێوەیەك کاری سەرەڕۆیی نەکەیت، خۆشترین ڕۆژی هەفتەت یەك شەممەیە.

## قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

ئامۆژگاری ئەوانەی لەبورجی تەرازوون کەڵکی هەیە بۆت تارادەیەکی باش دڵخۆش دەبیت، خۆشترین ڕۆژی هەفتەت سێ شەممەیە.

## شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

ئەمڕۆ ئاگاداری خۆتبەو لەڕووبەڕووبوونەوە خۆت بە دوور بگرە، ڕەنگە لەبواری سۆزدارییەوە بەخۆتدا بچیتەوەو چەند بڕیارێکی گرنگ لەم بـوارەدا بدەیت، خۆشترین ڕۆژی هەفتەت سێشەممەیە.

## گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

ئەمڕۆ کەمێك وەرس دەبیت، لەوانەیە لەبەڵێنێکیشت پەشیمان بیتەوە کەبەخۆشەویستەکەت داوە، بۆیە هەست بەئارامی دەروون و ویژدانیت ناکەیت، خۆشترین ڕۆژی هەفتەت ڕۆژی شەممەیە.

## تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

لەوانەیە ئەمڕۆ نەگەیتە هیچ چارەسەریەك بۆ گیروگرفتەکەت، بەڵام گوێگرتن لەئامۆژگاری ئەوانەی لەبورجی تەرازوون کەڵکی هەیە بۆت و قازانج دەکەیت، خۆشترین ڕۆژی هەفتەت ڕۆژی چوارشەممەیە.

## دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

وا باشترە ئەمڕۆ بیر لەجێبەجێکردنی پڕۆژەکان نە کەیتەوە، بەڵکو لەبری ئەمە هەوڵی پەیوەندیکردن لەگەڵ دۆستەکەت بدەو مێشکی خۆت کەمێك ساف بکە، خۆشترین ڕۆژی هەفتەت ڕۆژی سێشەممەیە.

## کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

ڕەنگە ئەمڕۆ هەندێك کێشەو ئاژاوە بەرەو ڕووت دەبێتەوە. بۆیە پێویستە خۆڕاگر بیت و خۆشت لەگرفت و کێشەی خەڵکانی دیکە هەڵنەقوڵتێنی، خۆشترین ڕۆژی هەفتەت چوارشەممەیە.

## گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

ئەمڕۆ لەبواری ئیش و کاردا بەخت یاوەرتە، هەروەها پەیوەندیت لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەت و هاوڕێکانت زۆر باش دەبێت و هەست بەخۆشی و شادی دەکەیت، خۆشترین ڕۆژی هەفتەت ڕۆژی هەینیە.

## گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

ئاگاداری خۆتبەو کۆنترۆڵی باری دەروونیشت بەشێوەیەکی باش بە، هەروەها بەدیبلۆماسیانە مامەڵە لەگەڵ دەوروبەرەکەت بکە، خۆشترین ڕۆژی هەفتەت ڕۆژی شەممەیە.

## نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

ئەستێرەکان هاوکاریت دەکەن و بارودۆخی ژیانت ئارام دەبێتەوە، هەروەها کاروبارەکانت بەرێکی بەڕێوە دەچن، لەوانەیە مژدەیەکی خۆشت پێ بگات، خۆشترین ڕۆژت ڕۆژی شەممەیە.

## سەربازە شۆخ و شەنگەکان !

لە (٥٠) ســاڵی رابردوودا کچان و ئافرەتان، هاوشێوەی پیاوان لە هەموو بوارێکی ژیاندا بەشدارن، دەیانەوێ وەك کوڕان و پیاوان خۆیان لە هەموو لایەنێکدا بدۆزنەوە و تا بتوانن شــان بەشــانی پیاوان ژیانی ڕۆژانەیان ببەنە سەر، ئەوەتا لە زۆربەی هێزی سوپا و چەکداریدا، ڕۆڵی ئافرەت دەبینرێ. لەم ڕووەوە کچانی ڕووسیا بە پلەی یەکەم دێن، لە جوانی و زۆری بەشــداریان لە ســوپای وڵاتەکەیــان، وەك لە وێنەکەدا دەبینن، ئەگەر چی لە مەشــقی سوپایە، بەڵام خۆ جوانکردن و ماکیاژەکەی خۆی هەر دەکات.



## تیکەلالیزما !

لە زۆربەی شــوێنە گشــتییەکان و ناو ئوتۆمبێل و تەنانەت منداڵانی کوردستان لەبەر خۆیانەوە ئەو گۆرانییە دەچڕن، یان لەسەر مۆبایلەکان سەیڤیان کردووە، بەبێ ئەوەی مانای وشەکان بزانن، تەنیا ئەوەیە ئاوازی گۆرانییەکەیان بەلاوە خۆشە، ئەو گۆرانییــە بە ناوی (تیکەلالیزما)یە، کە گۆرانییەکــی (ئەلبانی)یە، لەلایەن (٣) گۆرانی بێژەو گوتراوە کە ئەوانەن : سێلڤا گوانبەردهی، ماندی، دافی، گۆرانییەکە بە ریتمی خێرایە، وشەکانیشی گوزارشت لــە خۆشەویســتی و هەســت دەکات، ئــەوەش دەقــی گۆرانییەکەیە بە زمانی ئۆرجینالەکەی کە ئەلبانییە، وەرگێڕدراوە بۆ زمانی کوردی.

## مانای خەون


**خۆشی و شادی :**

بە پێچەوانەیە، لە خەو و راســـتیدا، ئەگەر لە خەودا گریان هەبێ، ئەوە بەرەو خۆشی دەچی و ژیانت خۆشتر دەبێ، ئەگەر لە خەودا زۆر دڵت خۆش بوو، لە ئاهەنگ و شـــایی بی، ئەوە تووشی ناخۆشی و کێشە دەبیتەوە لە راســـتەقینە، یان هەندێك جار بە مانای کۆتایی خەم و خەفەت بێت، ئەو کەســـەی لە خـــەودا دڵ تەنگ بێ، گرفتێکی گەورەی لە راستیدا بۆ چارەسەر دەبێ.



## بزانە ئـــەوانە چین!

ئەگەر چاوت بە سەموونێکی بچووك کەوت، یان ریباتێکی ملی پیاوان لە شوێنێك، مەڵێ ئەوە هیچ نییە، ئەگەر نزیك بیتەوە زیاتر رەنگە فلاش میمۆریەکی (١٦) گیگابایتت دەست کەوێ، ئەوەیە سەمەرەی دروست کردنی کەرەستەی تەکنەلۆژیا لە سەر شێوەی دیکە، ئەو کارە بۆ دوو مەبەست کراوە، یەکێکیان تا کەس نەزانێ ئەوە فلاش میمۆرییە، یان بە مەبەستی دروست کردنی کەرەستەی سەیر و جێگەی سەرنج راکێشانی خەڵك بێت.



## کاریکاتێر

- لەم وێنەیەدا شێوەیەکی ئەندازەیی دەبینن، ئەگەر لای راستەی سەیر بکەی، یەك لاکێشە دەبینی، کەچی ئەگەر لە لای چەپە ســـەرنج بدەیت، سێ ستوون دێتە بەرچاوت، هەوڵبدە شیکاری وێنە ئەندازەییەکە بکەی.



## وتـــەی نـــاوداران

**ئەحمـــەد کایـــای هونەرمەند دەربارەی کورد دەڵێ:** پرسیار لە سەر سپی بوون و وەرینی پرچمان مەکـــەن، چونکە ئێمە کوردین و بە ســـەرێکی پڕ لە ئازارەوە لە دایك دەبین.



- ماندی
لالی تۆی هەیە لە هەر کوێ و ئەگەر جیابوویتەوە لێم هەر
لالی تۆی هەیە بە رۆح
لالی تۆی هەیە لە دڵیدا
ئۆە چەندە تۆم خۆشدەوێ.
- سێلڤا
هێی وەك خۆت بمێنە و راست بە،
خۆشەویستم من نامەوێ شێت بی بۆم
من هەستت پێدەکەم کە تۆ جیهانێکی بۆ من،
زیاتر و زیاتر تۆم خۆشدەوێ
من درۆ ناکەم کە دەڵێم : بەهۆی لالی تۆ رۆحی منی رۆحی منی لالی تەنیا تۆی هەیە.
- دافی
تا چەند تەمەن بڕوا، هەر چۆنێك بێت، هەر شەیدای تۆم
بەڵێ کچەکە من دەمەوێ لە باوەشمت بگرم،
تا جوانترین وشە لە بن گوێچکەت بدرکێنم
من دەمەوێ تۆ بکەمە هی خۆم، چونکە تۆ هی منی.

Te Ka Lali Shpirt
(Mandi)
Të ka lali shpirt, të ka lali xhan
të ka lali zemer, o sa shumë te du
Të ka lali shpirt, të ka lali xhan
të ka lali zemer, o sa shumë te du
(Silva)
Hej, rri normale» thua»
zemër jo nuk dua
.marrëzisht të ndjej
S>je veç bota për mua
shumë më shumë të dua
:s>të gënjej kur them
,Se lali xhan-xhan»
lali xhan-xhan
.lali xhan-xhan të ka
,Hej lali xhan-xhan
lali xhan-xhan
lali xhan-xhan të
«ka
(Mandi)
Të ka lali shpirt, të ka lali xhan
(!(Ole! Ole
të ka
lali zemer, o sa shumë te du
(...(La-la-la
Të ka lali shpirt, të ka lali
(!xhan (Ole! Ole
të ka lali zemer, o sa shumë
(...te du (La-la-la
(Silva)
Hej, rri normale» thua»
zemër jo nuk dua
.marrëzisht të ndjej
S>je veç bota për mua
shumë më shumë të dua
:s>të gënjej kur them
,Se lali xhan-xhan»
lali xhan-xhan
.lali xhan-xhan të ka
,Hej lali xhan-xhan
lali xhan-xhan
«lali xhan-xhan të ka
(Dafi)
Komercial kohët e fundit
o bo Prishtina-Tirona
po evulon muzika po luhet sot
siç po ta don
Rrepi po m>bon sllogan
Fast slow jetën ta zgjat
Yeah girl, unë ty po t>pushtoj
me fjalët më t>mira
:për vete po t>boj. Se